# تۆ دەچیت بۆ لای کەسانێک لە ئەهلی کتێب (گاورەکان) با یەکەم شت کە بانگەوازی بۆ دەکەیت بریتی بێت لە شاهێدی دان بە (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله)

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- موعازی نارد بۆ یەمەن، پێی فەرموو: «تۆ دەچیت بۆ لای کەسانێک لە ئەهلی کتێب (گاورەکان) با یەکەم شت کە بانگەوازی بۆ دەکەیت بریتی بێت لە شاهێدی دان بە (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله) واتە: (شاهێدی دان بەوەی هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە جگە لە خودا -الله- وموحەمەد پێغەمبەری خودایە)، ئەگەر لەوەدا گوێڕایەڵ بوون پێیان ڕابگەیەنە کە خودا پێنج فەرزی لە سەریان داناوە لە هەموو ڕۆژ وشەوێکدا، ئەگەر لەوەدا گوێڕایەڵ بوون پێیان ڕابگەیەنە کە خوای گەورە (زەکات) ی لە سەریان فەرز کردووە لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێت ودەدرێت بە هەژارەکان، ئەگەر لەوەدا گوێڕایەڵ بوون ئاگادار بە لە باشترین وچاکترینی ماڵەکانیان نەبەیت، وئاگاداری نزای ستەملێکراو بە چونکە لە نێوان ئەو وخوادا هیچ پەردەیەک نییە».

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- موعازی کوڕی جەبەلی نارد بۆ یەمەن -ڕەزای خوای لێبێت- وەکو بانگخواز ومامۆستا، بۆی ڕوونکردەوە کە ئەو دەڕوات بۆ لای خەڵکانێک گاوڕن؛ بۆئەوەی ئامادە بێت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵیان، پاشان بۆئەوەی بە گرنگترین بابەتەکان دەستپێبکات لە بانگەوازیدا، سەرەتا بانگیان دەکات بۆ ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕیان ؛ ئەمیش بەوەی شایەتمان بهێنن (لا إله إلا الله و محمد رسول الله)؛ چونکە ئەگەر شایەتمان بهێنن دێنە نێو ئاینی ئیسلامەوە، ئەگەر لەمەدا گوێڕایەڵ بوون ئەوا فەرمانی نوێژکردنیان پێدەکرێت؛ چونکە گەورەترین واجبە لەپاش تەوحید -یەک خوا پەرستی-، ئەگەر نوێژیان کرد ئەوا فەرمان بە دەوڵەمەندەکانیان دەکرێت زەکاتی ماڵ وسامانیان بدەن بە هەژارەکان، پاشان ئاگاداری کردەوە وەرگرتنی باشترین سامانی دەوڵەمەندەکان چونکە ئەوەی واجبە بریتیە لە وەرگرتنی مامناوەندی سەروەت وسامان لە کاتی زەکاتداندا پاشان ئامۆژگاری کرد بە دوورکەوتنە لە ستەمکردن؛ بۆئەوەی ستەملێکراو نزای لەسەر نەکات، بەدڵنیاییەوە نزاکەی وەڵام دەدرێتەوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3390

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee